# راگەیاندنی کۆتایی

## سێیەمین کۆنفرانسی رێکخراوەکانی دەرەوەی حزبی شیوعی کوردستان ـ عێراق

لە ژێر دروشمی ( لە پێناو بتەوکردنی پیگەی حزبمان لە ناو رەوەندی کوردستانی و گەشەدان بە رێکخستنەکانمان لە دەرەوەی وڵات تێدەکۆشین ) رێکخراوەکانی دەرەوەی حزبی شیوعی کوردستان ـ عیًراق لە رۆژانی 28 ـ 29 / 5/ 2005 بە ئامادە بوونی نوێنەرانی رێکخراوەکانی حزب لە دەرەوە و سەرپەرشتی هاوڕێ ئیبراهیم سۆفی مەحمود ـ بابی تارا ـ ئەندامی بیرۆی سیاسی و ژمارەیەك لە کادیری خاوەن ئەزموون ونوێنەری رێکخراوەکانی دەرەوەی حزبی شیوعی عێراق وەك میوان سییەمین کۆنفرانسی لە شاری ستوکهۆلم گرێدا.

کۆنفرانس بە دەقیقەیەك وەستان بۆ رێزلێنان لە شەهیدانی حزب و بزوتنەوەی نیشتمانی لە کەشێکی زۆر ئازادو هەستکردن بە لیپرسراوییێەتی دەستی بە کارەکانی کردو، لە پاش پەسەند کردنی شەرعیەتی کۆنفرانس دەستەی سەرۆکایەتی ولیژنە تایبەتیەکان هەلبژێردران و، پاشان نامەی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی و نامەی کۆمیتەی رێکخستنی ناوەندی حزب خوێندرانەوەو، هاورێ نوێنەری حزبی شیوعی عێراق نامەی پیرۆزبایی خوێندەوەو دواتر دەرگای کفتوگۆ کرایەوە بۆ را پۆرتی سیاسی و چالاکی و پەیوەندیەکان و، بە تێروتەسەلی هاورێیان باسیان لە سەر کردو دەولەمەندیان کرد.

.

لە کۆنفرانسەکەدا باسی بارودۆخی ئالۆزی کوردستان و، بارودۆخی سەختی ئەمرۆی عێراق کراو، بە بایەخدانیکی زورەوە سەیری گۆڕانکاری و دەستکەوتە جۆراوجۆرە کوردستانی وعیراقییەکانی کراو، لە هەمان کاتدا بە چاوێکی رەخنەگرانەوە هەڵسەنگاندنی هۆکار و سەرئەنجامی قەیرانە سیاسیەکەی ئەم چەند مانگەی دووای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وتا ئیستا دوواخستنی پیکهاتنی حکومەتی نویی یەکگرتووی کوردستان وئاکامەکانی داهاتوی کراو، تاقە رێگای چارەسەرکردنیشی هەر بە گەرانەوەیە بۆ پابەندبوون بە ئیرادەی گەل و کۆبوونەوەی پەرلەمان و رەفتاری دیموکراسیانە وبەشدارکردنی حزب ولایەنەکانی بەشداردا دەبێ بەرەو جیگیر کردنی ژیانیکی دیموکراسیانە لە کوردستانداو رۆڵی شیاو بینین لە جیگیر کردنی خواستە رەواکانی گەل لە دەستوری داهاتودا بۆ بەجیهینانی کوماریکی دیموکراسی فیدالی دەستوری بۆ کوردستان و عیراق.

ئەندامانی کۆنفرانس لیکۆڵینەوەیەکی وردو بابەتیانەیان لە سەر تێکرای بابەتەکان و بۆچوونەکان کرد، کە لە ناو چەند را پۆرتی سەرەکیدا گەڵاڵە کرابوون و، بریتی بوون لە را پۆرتەکانی : رێکخستن، چالاکی و پرۆژەی هێڵە گشتییەکان، پەیوەندییەکان، دارایی و، را پۆرتی سیاسی وگفت وگۆو هەڵسەنگاندنی پرۆسەی هەڵبژاردەکانی عێراق و کوردستان.

کۆنفرانس بە شێوەیەکی گرنگ وبایەخدار چالاکیە جۆراو جۆرەکان و سەرکەوتنی رێکخراوەکانی حزب لە رووی رێکخستن و دارایی و پەیوەندی وبایەخدان بە لاوان هەڵسەنگاندو بە شێوەیەکی پۆزەتیڤــ ئاماژە بە رێکخراوەکانی نەرویج و ئوسترالیا و سوید ونەمساو وئەڵمانیاو هۆڵەند کراو، کۆنفرانس رێزی لە لایەنیکی چالاکی دیار و بەرچاوی ریکخراوی هۆڵەند لە نێوان رەوەندی کلدواشوریەکانی ئەو ولاتەدا گرت و خۆیان وریکخستنەکانی بەرپرسیار کرد بۆ گرنگی دان بەو بوارە رەوایە.

دواترگفتوگو لە سەر شێوەو چۆنیەتی بەهێزکردنی رێکخراەوکانی دەرەوەی حزب کرا بۆ پشتگیری وهاو کاری کردن لە گەڵ هاورێیان و رێکخراوەکانی حزب لە کوردستاندا و، پتەوکردنی پەیوەندی لە گەل هێزو رێکخراوە دیموکراتی و

پێشکەوتنخوازەکانی سەر گۆرەپانی ئەوروپاو ئەو وڵاتانەی رێکخراوی حزبی تیادایە بە مەبەستی گەیاندنی دەنگ و نەهامەتی گەلەکەمان پێیان و، وەدستهێنانی پشتگیری بۆ مافە رەواکانی.

پاشان هاورێی سەرپەرشتیار ئەندامی بیرۆی سیاسی حزبمان چەندان  رۆنکردنەوەی لە سەر هەلوێست و سیاسەتی حزبمان، بەتایبەتی لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەو مەترسییانەی هەرەشە لە ئەزموونی گەلەکەمان دەکات پێشکەش کرد.

پاش لێدوان وگفتوگۆیەکی تێروتەسەل بە بەشداری هەموو هاورێیان، چەندین تێبینی وپێشنیار خرانە بەر دەست بۆ بەتین کردنی تێکۆشان و زیاد کردنی چالاکی رێکخراوو کارو ئەرکە جەماوەرییەکان و، گشت ئەو بابەتانەی کە لە بەرنامەی کاری کۆنفرانسەکەدا هاتبوون و، بە کۆی دەنگ پەسەند کران.

کۆنفرانس بە گیانێکی هاورێیانەوە دەستەی سەرکردایەتی نوێی هەڵبژاردو، بە مەش کۆنفرانس سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

پاشان لە یەکەم کۆبوونەوەی کومیتەی  نوێی ریکخستنی دەرەوە  و بە بەشداری هاورێی سەرپەرشتیارو،لە هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەو دەنگدانی نهینیدا  سکرتێر وئەندامانی مەکتەب  هەڵبژێران.

سێیەم کۆنفرانسی  کۆمیتەی رێکخستنی دەرەوە

حزبی شیوعی کوردستان ـ عێراق

2005/5/28

